دکتور سا لح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، خوای دلۆڤان خۆشەویستیان دەکا ﴿٩٦﴾ جا ئێمە قورئانمان لەسەر زمانی تۆ ئاسان کرد، تەنیا لەبەر ئەمە کە مزگێنی بە خۆپارێزان بدەی و هۆزی دوژمن و سەرسەخت بترسێنی ﴿٩٧﴾ چەندین بەرەمان لەمانەیش قڕ تێخستووە، ئایا بە هیچ یەک لەوانە هەست دەکەی، نووزەی ئەوان دەبیسی (ڕکزا: نووزە، دەنگی نزم، سرتەسرت) ﴿٩٨﴾

## سوورەی تاها ١٣٥ ئایەتە

**سوورەی تەها لە مەککە هاتۆتە خوارێ بە (بسم‌الله)وە ١٣٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلاوێن.

تاها ﴿١﴾ ئێمە قورئانمان بو نەناردی کە خۆت بخەیتە بێبەختی و دەردەسەری ﴿٢﴾ تەنیا بۆ وەبیر هێنانەویە بۆ کەسانێ کە (لە خوا) ئەترسن ﴿٣﴾ (قورئان) لە لایەن بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە بەرزەکان، ئەم قورئانە هاتۆتە خواری ﴿٤﴾ ئەو خوای بەخشەرە کە لەسەر تەختی دەسەلاتی خۆی دامەزراوە ﴿٥﴾ هەرچی لە نێو ئاسمانەکان و زەوی و لە نێوان ئەم دووانەدایە و ئەوی لە ڕێژ خاک و نێو دڵ و دەروونی زەویدایە هەمووی هی‌خوایە ﴿٦﴾ ئەگەر دەنگت هەڵبڕی یا نا، (یا بە سرتە)، ئەو (خوا) بە ڕاز و نهێنی و پچە و تەنانەت نهێنتر لەوەیش (کە لێویش نەبزێوی) دەزانێ! ﴿٧﴾ (خوا)یەک کە بێجگە لەو خودای‌تر نییە، هەر بۆ ئەوە ناوگەلێ پیرۆز و جوان و چاک ﴿٨﴾ ئایا هەواڵی مووسات پێ‌گەییوە؟ ﴿٩﴾ کاتێ کە ئاگری (لە دوورەوە) دی، بە خێزانی خۆی وت: ڕاوەستن و لێرە مەبزوون، ئاگرێکم دی، بەڵکوو من چلۆسک و پۆلوویەکتان لەوە بۆ بێنم، یا لە کن ئەو ئاگرەوە ڕێنوێنێک بدۆزمەوە ﴿١٠﴾ جا کاتێ هاتە لای ئاگرە کە، هەرا کرا کە ئەی مووسا! ﴿١١﴾ منم من پەروەرێنەری تۆم! پێلاوەکانت دەربێنە، تۆ لە (زەوی و) دۆڵی پیرۆزی «طوا»دای ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

من تۆم (بۆ پێغەمبەری) هەڵبژاردوە، جا گویدێری ڕاسپێری بە ﴿١٣﴾ بەڕاستی من (الله)م، بێجگە لە من خوایێ تر نییە، جا عیبادەتم بکە و بە یادی من نوێژ بەجێ بێنە ﴿١٤﴾ بەڕاستی قیامەت دێ، من دەمەوێ ئەوە بشارمەوە تا هەموو کەسێ لە بەرانبەر کار و کردەوە و کۆششی خۆی سزای بدرێ ﴿١٥﴾ ئەوەی بڕوای بە قیامەت نییە و شوێن ئارەزووی خۆی کەوتووە نەکا تۆی لێ بگێڕێتەوە و بەڵات تووش ببێ ﴿١٦﴾ ئەوەی بە دەستی ڕاستی تۆیە چییە، ئەی مووسا؟! ﴿١٧﴾ وتی: ئەوە گۆچانی منە، تەکیە دەدەمە سەری و خۆمی پێ ڕادەگرم، بۆ مەڕەکانم گەڵای دارانی پێ دادەوەرێنم و چەن کاریٚ دیکەیشی پێ ئەنجام ئەدەم ﴿١٨﴾ وتی: ئەی مووسا! ئەوە فڕێدە (بیهاوێژە)! ﴿١٩﴾ جا (مووسا) هاویشتی، لە ناوکاو بووە مارێکی زل و دەستی بە جووڵەجووڵ و ڕۆیشتن کردا! ﴿٢٠﴾ (خوا) وتی: بیگرە و مەترسە، ئێمە ئەیبەینەوە سەر دۆخ و بیچمەکەی خۆی ﴿٢١﴾ دەستت بکە بە باغەڵتدا، تا سپی و جوان و بێ عەیب بێتە دەرێ، ئەمەیش نیشانە (کشگێر)یەکی ترە ﴿٢٢﴾ تا ئێمە لە نیشانە و ئایاتی گەورەی خۆمان بە تۆ نیشان بدەین ﴿٢٣﴾ بچۆ بۆ لای فیرعەون، چونکە فرە شووی لێ هەڵکیشاوە و ملی باداوە (و ناحەقی کردووە) ﴿٢٤﴾ عەرزی کرد: ئەی پەروەرێنەرم! پشوودرێژم بکە تا بە باشی ئەرکەکانم بەجێبێنم ﴿٢٥﴾ کاروبارم بۆ ئاسان بکە ﴿٢٦﴾ پسکییەک لە زمانمدایە بۆم لابە ﴿٢٧﴾ تا لە قسەکانم بگەن ﴿٢٨﴾ ئاریکار (پشتیوان)ێکم لە خاندانم بۆ دابنێ ﴿٢٩﴾ هاروونی برام ﴿٣٠﴾ بەوی پشتم قایم و پتەو بکە ﴿٣١﴾ ئەو (هاروون) بکە شەریک و هاوکارم ﴿٣٢﴾ تا زۆر پەسنی پاکی تۆ بدەین ﴿٣٣﴾ زۆر یادت بکەین ﴿٣٤﴾ بەڕاستی تۆ هەمیشە ئاگادار و چاودێرمان بووی ﴿٣٥﴾ فەرمووی: ئەوەی وەیستت بە تۆ درا، ئەی مووسا! ﴿٣٦﴾ ئێمە جارێکی دیکەش تۆمان خستە بەر ناز و نیعمەتی خۆمان ﴿٣٧﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەو دەمەی ئەوەی کە پێویست بوو، خستمانە نێو دڵی دایکت ﴿٣٨﴾ کە ئەو بنێ نێو داربەست و سندووقێ و بیدە بە دەم زێ و زەریاوە تا زەریا ئەو بخاتە بەستێن و کەنارێ دژێکی من و دوژمنێکی ئەویشە، بیگرێتەوە، خۆشەویستی خۆم بە تۆ دا تا لەبەر چاوەدێری من باش پەروەردە بی ﴿٣٩﴾ لەو دەمەدا خوشکت (لە نێزیک کۆشکی فیرعەون) بە ڕێدا دەڕۆیی و دەیوت: ئایا خاندانێکتان نیشان بدەم کە ئەم منداڵە ساوایە بگرێتە ئەستۆ، جا بە دوای ئەوە تۆمان گێڕایەوە بۆ لای دایکت، تا چاوی بە تۆ ڕوون بێتەوە و خەفەتبار نەبێ، تۆ (لە فیرعەونییان) یەکێکت کوشت، بەڵام ئێمە تۆمان لەو خەمەیش ڕزگار کرد، دوای ئەوە ساڵەها لە نێو خەڵکی مەدیەندا مایتەوە و چەندین جار تۆمان تاقی کردەوە، لە پاشان لەسەر بڕیاری دیاریکراوی خۆم (بۆ پێغەمبەر بوون) هاتیە ئێرە، ئەی مووسا! ﴿٤٠﴾ من تۆم بۆ خۆم پەروەردە کرد ﴿٤١﴾ تۆ و (هاروونی) برات بە نیشانەکانی منەوە بچنە سەر فیرعەون و لە یاد کردنی من سستی نەکەن ﴿٤٢﴾ هەردوو هەرن بچنە لای فیرعەون، بەڕاستی لە ڕادەی دەرکردووە ﴿٤٣﴾ جا بە نەرمونیانی قسەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکوو بیر بکاتەوە (و پەند بگرێ) یا (لە خوا) بترسێ ﴿٤٤﴾ (مووسا و هاروون) وتیان: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لەمە دەترسێین کە لێمان دەرهەڵبێ و لەپڕێکا تووڕە بێ و مۆڵەتمان پێنەدا یا سەرپێچی بکا ﴿٤٥﴾ فەرمووی: مەترسن، من لەگەڵتانم، (هەموو شتێک) دەبیسم و دەبینم ﴿٤٦﴾ جا بڕۆن بچنە لای و پێی بڵێن: بەڕاستی ئێمە ڕەوانەکراوی پەروەرێنەری تۆین، بەرەی ئیسرائیلمان لەگەڵدا بنێرە، ئەوان شکەنجە و ئازار مەدە، بە هەقیقەت ئێمە لە لای پەروەرێنەرتەوە نیشانەی ڕوونمان بۆت هێناوە، سەلام و درووود لەسەر کەسێ بێ کە لە ڕێنوێنی پەیرەوی بکا ﴿٤٧﴾ بە ئێمە ڕاگەیێنراوە کە هەرکەسێ بە درۆی بخاتەوە و پشتی تێ بکا و گوێی نەداتێ ئازار دەدرێ ﴿٤٨﴾ (فیرعەون) وتی: پەروەرێنەری ئێوە، کێیە ئەی مووسا؟! ﴿٤٩﴾ وتی: پەروەرێنەری ئێمە کەسێکە بە هەر بوونەوەرێک ئەوەی پێداویستی پێی بووبێ، پێی داوە، ئەوسا ڕێنوێنیشی کردووە ﴿٥٠﴾ وتی: جا ئەی بارودۆخی پێشینانمان چلۆن دەبێ؟! ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وتی: زانینی ئەوە لای پەروەردێنەرم لە پەڕاوێکدا نووسراوە، پەروەردێنەرم قەت بزری ناکا و لە بیری ناباتەوە ﴿٥٢﴾ ئەو (خوایەی) کە زەوی بۆ ئێوە کردە ڕایەخ و جێی حەسانەوە (لانەک) و ڕێگاگەلێکی لەودا سازدا، لە ئاسمانەوە بارانی باراند کە لە سوێنگەی ئەوەوە هەموو جۆرە ڕووەک و هەرچی لە زەوی دەڕوێ و فرە گژوگیایەکی هاولفمان ڕواند و شین کرد ﴿٥٣﴾ هەم خۆتان لێی بخۆن و هەم ئاژەڵ و پاتاڵەکانتانی تێدا بلەوەڕێنن، نیشانەگەلێکی ڕوونمان بۆ خاوەنانی ئەقڵ و ئاوەز لەوەدا هەیە ﴿٥٤﴾ ئێوەمان لەو (خاکە) خەڵق کرد و هەر لەوێشدا دەتانگێڕینەوە و هەر لەوێش جارێکی دیکە دەرتان دێنینەوە ﴿٥٥﴾ ئێمە هەموو نیشانەکانی خۆمان بەو نیشان دا، بەڵام ئەو بە درۆی خستنەوە و نافەرمانی کرد ﴿٥٦﴾ وتی: ئەی مووسا! ئایا هاتووی ئێمە لە خاکمان بەم جادووەت دەربکەی؟! ﴿٥٧﴾ جا لەبەر ئەوە، ئێمەیش سیحرێک وەکوو هی تۆ بۆ تۆ دێنین، هەرئێستا (مێژووی ئەو دیاری بکە) جێگایەک لە نێوان ئێمە و خۆت دیاری بکە، نە ئێمە و نە تۆ تەنەخی لێ نەکەین و خۆی لێ نەبوێرین، جێگایەک بێ بۆ هەموومان یەکسان بێ ﴿٥٨﴾ وتی: جێگای (دیداری) من و تۆ ڕۆژی زینەت (ڕۆژی جێژن) بێ، لە وەختی چێشتەنگاودا بەر لە نیوەڕۆ: قاوەڵتوون بێ. بەو مەرجەی خەڵک هەموو لەو ڕۆژەدا کۆ بنەوە ﴿٥٩﴾ جا فیرعەون (کۆبوونەوە و جڤاتی) بەجێ‌هێشت و بە گرژی لەوێ ڕۆیی، جا هەموو فڕوفێڵ و گزیکاری خۆی کۆ کردەوە و ئەوسا هەموویانی (لە ڕۆژی جێژندا) هێنا ﴿٦٠﴾ مووسا بەوانی وت: وەی بۆ ئێوە! درۆ بە دەم خواوە مەکەن، کە بە عەزابی خۆی لە ناوتان ببا، و ڕەنجبەبایی (و تێشکان) بۆ کەسێکە درۆ بە دەم خواوە بکا و دەم بەپووشە و ڕەنج بەخەسارە ﴿٦١﴾ جا جادووگەران لەمەڕ کارەکەیان لە نێوانیاندا ناکۆکی ساز بوو دەستیان کرد بە سرتەسرت ﴿٦٢﴾ وتیان: ئەم دووانە جادووگەرن، ئەیانەوێ بە جادووی خۆیان ئێوە لەسەر خاکتان دەرکەن و نەریت و ئاکار و ڕێوشوێن و ئایینی بەرزی ئێوە لەناو ببەن ﴿٦٣﴾ جا کەوایە هەموو هێز و نەخشەی خۆتان کۆ بکەنەوە و لە یەک ڕیزدا بڕۆنە (مەیدانی خەبات)، ڕزگاری ئەمڕۆ بۆ کەسێکە (دەسەڵات و) بەرزی خۆی بنوێنێ ﴿٦٤﴾

(جادووگەران) وتیان: ئەی مووسا! یا تۆ ئەوەڵ (عەسای خۆت) بیهاوێژە یا ئەوەڵ ئێمە تووری هەڵدەین؟ ﴿٦٥﴾ وتی: ئەوەڵ ئێوە فڕێی‌بدەن، (مووسا) وای بە خەیاڵدا دەهات شریت و عەساکانیان لەبەر جادوویان وای نیشان ئەدا کە دەجووڵێن و دەڕۆن! ﴿٦٦﴾ جامووسا ترسێکی سووکی لە دڵیدا هەست کرد ﴿٦٧﴾ وتمان: مەترسە! تۆ (زاڵ و) بەرزتری! ﴿٦٨﴾ و ئەوەی کە لە دەستی ڕاستتدایە فڕێی بدە، هەموو ئەوانەی وا ئەوان سازیان داوە قووتی دەدا، چونکە ئەوە تەنیا گزی و تەڵەکەی جادووگەرانە و جادووکەریش لەهەر شوێنێ بێ سەرناکەوێ ﴿٦٩﴾ جا (مووسا) عەسای خۆی فڕێدا، ئەوەی سازیان دابوو هەمووی (هەڵلووشی) ساحیران هەموو کەوتنە سوژدە و وتیان: ئێمە بڕوامان بە پەروەردێنەری مووسا و هاروون هێنا!! ﴿٧٠﴾ (فیرعەون) وتی: ئایا بەر لەوەی ئیجازەتان بدەمێ، بڕواتان پێ‌هێناوە؟ دیارە ئەو سەرگەورەی ئێوەیە کە سیحر و جادووی فێر کردوون، جا حەتمەن لەبەر ئەوە دەست و پێتان ڕاست و چەپ ئەبڕم و بە لقی دار خورماوە هەڵتاندەواسم (لە دارتان دەدەم)، تێدەگەن جەزرەبەی کاممان دەردناکتر و پایەدارترە! ﴿٧١﴾ وتیان: ئێمە هیچ کاتێ لە جیاتی بەڵگەگەلێ ڕوون کە بۆمان هاتووە و لە جیاتی خوایەک کە ئێمەی بەدی‌هێناوە، تۆ هەڵنابژێرین، (دەسمان لەو بەرنادەین بۆ تۆ)، هەر کارێ لە دەستت دێ بیکە، چونکە تەنیا لەم دنیایە کارێکت لە دەس دێ و ئەتوانی داوەری بکەی ﴿٧٢﴾ بەڕاستی ئێمە بە پەروەردێنەرمان بڕوامان هێناوە تا گوناحەکانمان و ئەوەی لە جادوو کە بە زۆر پێت کردین، ببەخشێ وە خوا باشتر و پایەدارترە ﴿٧٣﴾ بەڕاستی ئەمەیە کە هەرکەس بە تاوانباری بێتە لای پەروەردێنەری، جا جەهەندەم بۆ ئەوە کە نەمرێ و نەژی تێیا دەبێ! ﴿٧٤﴾ هەرکەس بە ئیمانەوە بێتە لای پەروەردێنەری و کردەوەی چاکیشی ئەنجام دابێ، جا هەربۆ ئەوان جێی حەوانەوەی باش و پلەی بەرز هەیە ﴿٧٥﴾ بەهەشتی خۆش کە چۆمەئاو بە ژێر دارەکانیدا تێدەپەڕێ (بۆ ئەوانە)، هەمیشە لەوێدا دەمێننەوە، ئەمەیە پاداشی کەسێ کە خۆی پاک و خاوێن ڕابگرێ ﴿٧٦﴾

ئێمە بە مووسامان ڕاگەیاند کە شەوانە بەندەکانم (لە میسر) لەگەڵ خۆیا ببە، وە بۆ ئەوان ڕێگایەکی ویشک لە زەریادا بکەوە، نە لە گەیشتنی (فیرعەونیان) بترسێ و نە لە غەرق بوون (لە زەریادا) ﴿٧٧﴾ جا (بەمجۆرە) فیرعەون بە لەشکرەکانیەوە بە دوویان کەوت، جا زەریا ئەوانی (لە نێو شەپۆلی خۆی) داپۆشی و نوقمی کردن! ﴿٧٨﴾ و فیرعەون هۆزی خۆی گومڕا کرد و ڕێنوێنی نەکردن! ﴿٧٩﴾ ئەی بەرەی ئیسرائیل! بە هەقیقەت ئێوەمان لە (چنگی) دوژمنتان ڕزگار کرد، و بۆیشمان دانان لە لای ڕاستی کێوی توور بکەنە لام، مەن (گەزۆ یا هەنگوینی شەمەتریلکە) و سەلوا (مەلی شێلاقە و هەوێردە)مان بۆ ئێوە نارد ﴿٨٠﴾ لەو ڕسق و ڕۆزییە پاکەم بە ئێوەم داوە بیخۆن، بەڵام لەودا لە ڕادە تێمەپەڕن، دەنا غەزەبی من دێتە سەرتان و هەرکەسیش غەزەبی من بیگرێ ورد ئەبێ و تیا دەچێ ﴿٨١﴾ بەڕاستی من بۆ کەسانێ پەشیمان بنەوە و تۆبە بکەن و بڕوا بێنن و کردەوەی چاک ئەنجام بدەن و لە پاشان ڕێنوێن بن، زۆر لێبور و بەخشەرم ﴿٨٢﴾ ئەی مووسا! چ شتێک بووە هۆی ئەوە لە هۆزت پێش کەوی و (بۆ گەیشتن بە کێوی توور) تالووکە بکەی؟! ﴿٨٣﴾ عەرزی کرد: ئەوانیش بە دوامەوەن، و من لەزم کرد، بۆ لات هاتم تا تۆم لێ ڕازی بی ﴿٨٤﴾ فەرمووی: هۆزی تۆمان دوای تۆ تاقی کردەوە، سامری ئەوانی گومڕا کرد! ﴿٨٥﴾ جا مووسا بە دڵپڕی و تووڕەیی بەرەو لای هۆزەکەی گەڕاوە و وتی: مەگەر پەروەرێنەرتان بەڵێنی چاکەی پێنەدان؟ ئایا ماوەی جیایی من لە ئێوە زیاد بوو؟ یا دەتانویست غەزەبی خواتان بۆ بێ کە لەگەڵ بەڵێنی من دژایەتیتان کرد؟! ﴿٨٦﴾ وتیان: بە مەیل و ویستی خۆمان لە بەڵێنی تۆ لامان نەدا، بەڵام هێندێ لە خشڵ و زێڕ و زیوی هۆزەکە، فڕێمان دا نێو بۆتەی سەر ئاگر، هەروا سامیریش تێی هاویشت و بەمجۆرە پیلانی خۆی گێڕا (دوای قاڵبوون لە نێو ئاگردا بە وێنەی گوێرەکە دەریهێنا) ﴿٨٧﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا بۆ ئەوان کـۆتەڵ: پەیـکەرەی گـوێلکێکی سـازدا کە دەنگـی وەکـوو دەنگـی گـوێرەکە بـوو (دەیبۆڕان)، جا گوتیان: ئەمە خوای ئێوە و خوای مووسایە! جا ئەو (سامری) لە بیری چوو (کە لەگەڵ خوا و مووسا پەیمانی گرێداوە) ﴿٨٨﴾ جا ئایا ئەوانە نابینن (نازانن) کە (ئەم گوێلکە) وەڵامیان ناداتەوە؟ خاوەنی هیچ جۆرە سـوود و زیـانێ بـۆ ئەوان نییـە ﴿٨٩﴾ هـاڕوون بەر لەوە بەوانی گوتبوو کە ئەی هۆزی من! ئێوە بەو (گوێلکە) خاپێنراون و هەڵخەڵەتاون و کەوتنە بەر ئەزموون و تاقیکاری، بەڕاستی پەروەرێنەری ئێوە بەخشەرەکەی ڕۆزیتانە، جا پەیڕەوی لە من بکەن و فەرمانی من بەجێبێنن ﴿٩٠﴾ ئەوان وتیان: ئێمە هەروا بە دەوری ئەوەدا دەگەڕێین (و لەسەر پەرستنی گوێلکەکە) بەردەوامین تا مووسا بگەڕێـتەوە لامـان ﴿٩١﴾ (مووسـا) وتـی: ئەی هاڕوون! چ شتێک بەرایی گرتی، کاتێ کە دیتـت ئەوانە گـومڕا بـوون ﴿٩٢﴾ ئایـا لە مـن پەیڕەویت نەکرد؟ (وەکوو من بە توندی لەگەڵ بتپەرستان نەجووڵایتەوە)، جا ئایا لە فەرمانی من خۆت لادا؟! ﴿٩٣﴾ وتی: ئەی ڕۆڵەی دایکم! ڕیش و قژی سەرم مەگرە! بەڕاستی من ترسـام بڵێی تۆ لە نێـو بەرەی ئیسـرائیلدا ناکۆکیـت سـازدا و گوێـت لە قسـەی مـن ڕانەگـرت ﴿٩٤﴾ (مووسا ڕووی کردە سامری و) وتی: جا تۆ بۆچ ئەم کارەت کرد، ئەی سامری؟! ﴿٩٥﴾ وتی: من شتێکم دی کە ئەوانی دی نەیاندی، جا من چنگێ خۆڵی جێ پێی پێغەمبەرەکەم هەڵگرت، جـا ئەوم فڕێدا (نێو ئاگر)، بەمجۆرە نەفسی من مەبەستەکەی بۆ نواندم! ﴿٩٦﴾ (مووسا) وتی: بڕۆ، ون بە، هەتا لە ژیانی دنیادای بەشی تۆ هەر ئەمەیە کە بێژی توخنم مەکەون، بۆ تـۆ بەڵێنێـک (لە عەزابی خوا) هەیە کە ئەو ئازارە هەرگیز لێت جیا ناکرێتەوە (ئێستا) بڕوانە خـوای خـۆت (گوێلکەکەت) کە کردبووتە خوا و ئەتپەرست دەتوت قەت بەجێی ناهێڵم، ببینـە و چـاوی لـێ بکە کە ئێمە گوێلکەکە دەسووتێنین، لە پاشان خۆڵەکەی ئەپرژێنینە نێو زەریا ﴿٩٧﴾ خـودای ئێوە تەنیا ئەڵلایە، کەسێ بێجگە لەو زاتێ تر نییە کە شیاوی پەرستن بێ، زانستی ئەو هەموو شتێکی داگرتووە ﴿٩٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئـا بەمجـۆرە لە بەسـەرهات و هەواڵەکـانی ڕابـوردوو بـۆ تـۆ دەگێـڕینەوە، هەروەهـا لە لایەن خۆمانەوە زیکر (قورئان)مان بە تۆ داوە ﴿٩٩﴾ هەرکەس لەوە، خۆ نەبان بکا و گوێ نەدا و ڕوو بسووڕێنێ، ڕۆژی قیامەت بارێکی قورس (لە تـاوان و بەرپـرسبـوون) هەڵـدەگرێ! ﴿١٠٠﴾ بـۆ هەمیشە لەوە (تاوان)دا دەمێننەوە و ناتوانن لە ژێری دەربچـن، وای چ بـارێکی نالەبـار و بـێ فەڕە بـۆ ئەوان لە ڕۆژی بەرێـدا! ﴿١٠١﴾ ڕۆژێ کە فـوو دەکـرێ بە (کەڵەشـاخ) شـەیپووردا، تاوانباران بە چاوی شین هەڵـگەراو (و کـوتراو)دا لەو ڕۆژە کـۆر دەکەیـنەوە ﴿١٠٢﴾ ئەوانە بە پچەپچ و سرتەسرت لە نێو خۆیاندا قسە دەکەن، (هەندێ دەڵێن:) ئێـوە بـێجگە لە دە (شـەو و ڕۆژ لە جیهانی بەرزەخدا) نەوەستاون ﴿١٠٣﴾ ئـێمە بەوەی ئەوان دەیڵـێن ئاگـادارترین، کـاتێ ئەو کەسە کە زیاد لە هەموویان ئەقڵ و ڕێ و ڕەوشتی باشتری هەبوو، دەڵـێ: ئێـوە بـێجگە لە یەک ڕۆژتان پێ نەچووە ﴿١٠٤﴾ لە بارەی کێوەکانەوە لە تۆ پرسیار دەکەن، بڵـێ: پەروەرێـنەرم ئەوان هەر بە هاڕین دەیانهاڕێ و بە بای دەکا ﴿١٠٥﴾ جا دەیانکاتە دەشتێکی کاکیبەکاکی و ڕاست و تەخت و بێئاو و بێگژوگیا و ڕووت ﴿١٠٦﴾ (بە جۆرێکی وا) نزمی و کەنـد و بەرزی و کۆسپێ نەبینی، تەختی تەخت بـێ ﴿١٠٧﴾ لەو ڕۆژەدا هەمـوو بە دەنگی بـانگەوازچییەکەوە دەچن کە دەنگی بە هیچ لایەکدا خوار نییە (و مردووەکانیش زیندوو دەبـنەوە) و لە بەر خـوای بەخشەر هەموو دەنگێک نەوی دەبێ و چپەچپ نەبێ نابیسی (همس: دەنگی بزاوتنی لێو، بـێ ئەوەی دەنگێ ببیسی) ﴿١٠٨﴾ لەو ڕۆژەدا تکا و دڵسۆزی (بۆ هیچکەس) سوودی نییە، مەگەر کەسێ کە خوای بەخشەر ئیجازەی تکای پێ دابێ و لە قسە و تکـا و وتـاری ڕازی بـێ ﴿١٠٩﴾ ئەوەی ئەوان (تاوانباران) لە پێشیانە و ئەوەی (لە دنیا) ختوویانەتە پشت سـەریان و ئەوەی بەسەریان هاتووە و بەسەریان دێ (خوا) دەیزانێ، بەڵام ئەوان ئەوانە نـازانن و توانایـان بەسـەر (زانستی) ئەودا نییە ﴿١١٠﴾ خەڵـک هەمـووی (لەو ڕۆژەدا) لە ڕاست خـوداێ کە نـامرێ و پایەدارە سەرنەوی و بێهیوان، زیانکار ناهومێد بووە کەسێ کە (بـاری) سـتەمی هەڵگرتـووە! ﴿١١١﴾ کەسێ کە کاری چاک بکـا و بـڕواداریش بـێ، نە لە سـتەم ئەترسـێ و نە لە کەمبـوونی مـاف و هەق ﴿١١٢﴾ هەر بەو جـۆرەیش قورئـانێ بە عەرەبیمـان بـۆ تـۆ نـارد؛ هەمـوو جـۆرە هەڕەشە (و ترس وەبەرنان)مان تیا بەیان کردووە، ڕەنگە خۆپـارێز بـن، یـا بـۆ ئەوان پەنـدێ یـا بێدارییەک بەدی بێنێ! ﴿١١٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا پایەبەرزە ئەو خوایە کە پاتشای ڕاستەقینەیە، تۆیش (ئەی محەمەد) بەر لەوەی پێتی ڕابگەیێنین بۆ (خۆیندنی) ئەم قورئانە پەلە مەکە و بڵێ ئەی پەوەرندەم زانیاریم زیاد بکە و گەشە بە زانستم بدە. ﴿١١٤﴾ بە تەحقیق ئێمە لەبەرا پەیمانمان لە ئادەم وەرگرت، جا ئەو لە بیری چوو، لێنەوینێکی وامان لێنەدی ﴿١١٥﴾ ئەوەدەمەی کە بە مەلائیکەکانمان وت: کڕنۆش و سوژدە بۆ ئادەم بەرن، جا هەموو سوژدەیان برد بێجگە لە ئیبلیس کە ملی بادا (و سوژدەی نەبرد) ﴿١١٦﴾ جا وتمان: ئەی ئادەم! بەڕاستی ئەمە نەیار و دوژمنی تۆ و خێزانتە، جا نەکا ئێوە لە بەهەشت وەدەر بنێ، چونکە بەختت ڕەش دەبێ و دەکەویە نێو دەرد و ڕەنج ﴿١١٧﴾ بزانە بەڕاستی تا لە بەهەشت بی نە رووتوقووتی رووت تێدەکا نە برسی بوون ﴿١١٨﴾ لەوێدا تینووت نابێ و گەرمای ڕۆژیش ناتبا و تاوبردووت ناکا و ئازارت نادا و تاوانگاز نابی ﴿١١٩﴾ جا شەیتان ختییە دوودڵی، وتی ئەی ئادەم! ئایا دەتەوێ بۆ لای داری هەرمان و ماڵ و موڵکی بێبڕانەوە ڕێنوێنیت بکەم و پێت بڵێم؟! ﴿١٢٠﴾ جا (سەرئەنجام) هەردووکیان لە بەری ئەوەیان خوارد (و جلکی بەهەشتیان لەبەر داڕندرا) شەرمی خۆیان بۆ دەرکەوت، خەریک بوون بە گەڵای (داران)ی بەهەشت خۆ داپۆشن (بەم شێوە) ئادەم لە قسەی خوا لایدا و لە ڕێ دەرچوو، لە پاداشی ئەو بێبەش بوو ﴿١٢١﴾ ئەوسا پەروەرێنەری ئەوی هەڵبژارد و تۆبەی قەبووڵ کرد و هیدایەت و ڕێنوێنیشی کرد ﴿١٢٢﴾ (خوا) فەرمووی: هەردووکتان لەوێ (بەهەشت) بڕۆنە خوارێ، لە حاڵێکدا دەبنە دوژمنی یەکتر، جا هەرکاتێ ڕێنوێنی منتان بۆ بێ، کەسێ کە لە ڕێ نیشاندانی من پەیڕەوی بکا نە گومڕا دەبێ و نە تووشی دەرد و ڕەنج و نەگبەتی دەبێ ﴿١٢٣﴾ هەرکەسیش لە یادی من ڕوو بسووڕێنێ، بە ئامۆژگاری و بە فەرمانم نەکا ژینێکی پڕ و تەژی لە تەنگانە و دژوار و سەختی بۆ ئەبێ و لە ڕۆژی قیامەت حەشری دەکەین لە کاتێکا کوێرە لەگۆڕێ دەریدەخەین ﴿١٢٤﴾ ئەڵێ: ئەی پەروەرێنەرم! بۆچ بە کوێری زیندووت کردمەوە، خۆ من بینا بووم! ﴿١٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



دەفەرمێ: هەروەک نیشانگەلی ئێمەت بۆ هات لە بیر خۆت بردەوە، بەمجۆرە ئەمرۆ تۆیش لە بیر دەچیەوە ﴿١٢٦﴾ بەمجۆرە جەزای کەسێک ئەدەینەوە کە زیادەڕەوی کردووە و بڕوای بە نیشانەکانی پەروەرێنەری نەهێناوە، جەزرەبەی دوارۆژیش سەختتر و بەردەوامترە! ﴿١٢٧﴾ جا ئایا بۆ ڕێنوێنی ئەوانە بەس نییە کە زۆرێ لە پێشینانمان لە ناو برد، ئەوانە کە ئێستا هەر لەو شوێنە و لە خانووبەرەی (وێرانی) ئەواندا هاتوچۆ دەکەن، هەر لەماندەدا بەڵگەی ڕوون بۆ ژیران و خاوەن ئاوەزان هەیە ﴿١٢٨﴾ ئەگەر قسەی پەروەرێنەرت لە پێش ئێستا نەبوایە؛ وەختێکیش دیاری نەکرابا، جەزرەبەیان بە سەردەهات ﴿١٢٩﴾ جا (کەوایە) لەسەر ئەوەی دەیڵێن خۆ ڕاگرە و تابشت بێنە و شوکر و پەسنی پەروەرێنەرت بکە و بەر لە ڕۆژهەڵاتن (نوێژی بەیان) و بەر لە خۆرنشین و ڕۆژئاوابوون (نوێژی عەسر) و هەندێ لە کاتژمێرگەلی شەو (بەتڵ و بەشێک لە شەو) (نوێژی شێوان و عیشا) و لە هەردوو ئالی ڕۆژدا (نیوەڕاست)ی ڕۆژدا (نوێژی نیوەڕۆ بکە) بەڵکوو بە ئارەزووت بگەی و ڕازی بی ﴿١٣٠﴾ چاوی خۆت مەبڕە ئەو شتانەی وا بە تاقم و دەستەیەکمان لەوانە داوە، چونکە ئەمە شکۆفەی خۆشی ژیانی دنیایە و بۆ ئەوەیە کە ئەوانی (دنیا خوازان)ی پێ تاقی بکەینەوە، ڕسق و ڕۆزی پەروەرێنەرت چاتر و بەردەوامترە ﴿١٣١﴾ بە خاووخێزانی خۆت دەستوور بدە تا نوێژ بخوێنن و لەسەر ئەنجامدانی نوێژ بەتابشت بە (لەسەر نوێژکردن بەردەوام بە)، ئێمە ڕسق و ڕۆزی لە تۆ ناخوازین، (بەڵکوو) ئێمە ڕسق و ڕۆزی بە تۆ دەدەین، سەرئەنجامی باش و بەختەوەرانە بۆ خۆپارێزانە ﴿١٣٢﴾ ئەوانە (خوانەناسان و دنیاخوازان) وتیان: بۆچ (پێغەمبەر) کشگێری و نیشانەیەک لە لای پەروەرێنەریەوە بۆ ئێمە ناهێنێ؟ (پێیان بێژە) ئایا بەڵگەیان لە کتێبەکانی ئەوەڵدا بۆ نەهاتووە ﴿١٣٣﴾ ئەگەر ئێمە بەر لەوە (ناردنی قورئان) بە ئازارێک ئەوانمان لەناو بــــبردایە، دەیانوت: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بۆچ بۆ ئێمە پێغەمبەرێکت نەنارد تا لە نیشانە (و دەستوورەکان)ی تۆ پەیڕەوی بکەین، بەر لەوەی بێچارە و زەلیل بین ﴿١٣٤﴾ بڵێ: هەموو (ئێمە و ئێوە) چاوەڕوانین (ئێمە چاوەڕوانی سەرکەوتن و ئێوەش چاوەڕوانی تێشکانی ئێمە بن)، جا کەوایە چاوەڕوان بن، بەڵام بە زوویی دەزانن و تێدەگەن ڕیرەوانی ڕێگای ڕاست، کامانەن و کێ لــە ڕێ شارەزا بووگە و چ کەسێ خاوەنی ڕێگای ڕاستە و چ کەسێ ڕێنوێنی بووە ﴿١٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi